## عادل شکور کەسی دیاری ناو باڵی ڕیفۆرم:

# ١٠٠% یەکێتی و پارتی تەزویرات لە هەڵبژاردندا دەکەن



**ئا/ مەریوان حەسەن**

**عادل شکور کەسی دیاری ناو باڵی ریفۆرم و جێگری پێشووی لێپرسراوی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی باس لەوە دەکات کە خەڵکی لە ناوچەی گەرمیان زۆر گلەییان لە یەکێتی هەیە، ئەوەش ئاشکرا دەکات کە نەوشیروان مستەفا پرۆژەکەی خۆی بۆ خەڵکی باس دەکات.**

**مەریوان: چۆن دەڕوانیتە ئەم هەڵکشان و داکشانەی ناو یەکێتی، پێت وایە یەکێتی دەتوانێت لەم قەیرانە ڕزگاری بێت؟**

عادل شکور: بەڵێ من بە قەناعەتی خۆم و ئەوەی کە ئێستا دەیبینم ئەو هەڵکشان و داکشانەی ناو یەکێتی قەت یەکێتی ناتوانێت لەم قەیرانە ڕزگاری بێت و ئەگەر ڕزگاریشی بێت زۆر زۆر لاواز دەبێت ڕێژەیەکی کەمیش دەبێت.

**مەریوان: زۆربەی رەخنەکان لە یەکێتی ئەوەیە گۆڕان ناکات لە کادیرەکانی لە کاتێکدا گەندەڵی دەبینرێت لە دەسەڵاتدا؟**

عادل شکور: وەڵڵا ئەوە دیارە نەک تەنها بۆچوونی ئێمەیە، بەڵکو بۆچوونی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە ئەو خەڵکە بە هەموو چین و توێژەکانیەوە هەر لە خوێندکارەکانیەوە تا دەگاتە جوتیارێک و کابرایەکی کاسبکار هەموو خەڵکێ هەست دەکات ئەو نارەزاییە و ناعەدالەتیە زۆرە و گەندەڵیەکان زۆرە وە لەوەتی ئەو نارەزاییە هەیە لە روانگەی خزمەتگوزاریەکان و لە رووی جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت لە رووی پێشکەوتنەکانی وڵات و لە رووی ئاوەدانکردنەوەی ئاواییەکان و لە رووی خزمەتکردنی ئەو کەسانەی کە کەمئەندام بوونە لە سەنگەرەکانی یەکێتی یا پێشمەرگەیەک یان هاووڵاتیەک کە غەدری لێکرا بێت یان ئەوەی یەکێ عەرزەی وەرگرتووە یەکێ وەری نەگرتووە. لە هەمویان گەندەڵی بەدی دەکرێت و حزبە بچوکەکانیش لە بەر ئەوەی لە دەسەڵاتدا نین ئێمە ناتوانین پێیان بڵێین گەندەڵن چونکە هیچیان لە دەستدا نیە!.

**مەریوان: تاچەند پێتوایە کاک نەوشیروان دەتوانێت گۆڕانکاری بکات؟**

عادل شکور: بە قەناعەتی من کاک نەوشیروان دەتوانێت گۆڕانکاری بکات و گرنگیش ئەوەیە دەنگەکان شتێکی باش بکات و دەنگەکانیش سەنگی مەحەکە بە حوکمی ئەوەی کە ئێستا زۆر لە کاک نەوشیروانەوە نزیکم و ئەو تەجروبەیەی کە پێشتر هەمبووە لە سەری من نەک وەکو ئەوەی ئێستا قسە بکەم کە جیابوومەتەوە لە یەکێتی من تەجروبەی حەفتاکانم هەیە لە سەری. لە حەفتاکاندا ئێمە لە کۆنفرانسەکانی یەکێتیدا ئەو بەرنامانەی کە داماننا بوو لە پەیرەوەکانی ناوخۆدا ئەو بەرنامانە ئەوە بوون کە ئێستا خەڵکی کوردستان داوای دەکات ئەوەی ئێستا خەڵکی داوای دەکات ئێمە ئەو کاتە لە پەیرەوەکانی ناوخۆدا باسمان لێوە دەکرد بۆیە من پێموایە ئەو بەرنامانەی کاک نەوشیروان لە ١٠٠%هەنگاوی باشی بۆ دەنرێت و دەتوانرێت گۆڕانێکی نمونەیی بکرێت و ئەوەیش ئەکەوێتە سەر مروری زەمەن، من ناتوانم بڵێم ساڵێک یان دوو ساڵ. ئەو کەم و کورتیانەی ئێستای حکومەتیش دەتوانێت ئیشی لە سەر بکات.

**مەریوان: پێتوانیە ئەم دوو بەرەکییەی ئێستای ناو یەکێتی ئەگەڕێتەوە کاتی سەرەتاکانی دروستبوونی؟**

عال شکور: من قەناعەتم وایە ئەم دووبەرەکییەی ئێستا هەیە کاتی خۆی نەبووە ئەوەیش دیارە هەموو حزبێک ململانێی تیادا هەیە هەر حزبێکیش ئەگەر شایستە نەبێت ناتوانێت گەشە بکات، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش تا ئەو کاتە بریتی بوو لە سێ باڵ: باڵی بزوتنەوەی شۆرشگێران، باڵی کۆمەڵە، باڵی خەتی گشتی.. ئەوە بوو هەندێ جار برادەرانی مەکتەبی سیاسی لە سەر بیروبۆچوونی جیاواز و موناقەشە هەبووە بەڵام نەگەیشتوەتە ئاستێک، بەڵام نەبێتە هۆی ئەوەی ئەم دووبەرەکیەی ئێستا هینی ئەو کاتە بێت چونکە ئەگەر صیراعە کۆنەکان بووایە رەنگە پێش دەساڵ ئەم دووبەرەکییە بووایە.

**مەریوان: تا چەند مام جەلال بە بەرپرسیار دەزانێت لە دروستبوونی ئەم دووبەرەکییە؟**

عادل شکور: ئێستا بە دەرەجەی یەک هەموو حزبێک هەموو رێکخراوێک، مەسئولی یەکەم بەرپرسیارە و ئەگەر لە هەمووشی بەرپرسیار نەبێت، ٨٠%ی ئەو بەرپرسیارە، هەموو شتەکان ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو. بۆ نمونە بەرێز مام جەلال کە ئێستا سکرتێری گشتی یەکێتیە و لەوێش سەرۆک کۆمارە یەکێتی خۆی دروستی کردووە دەورێکی باڵای هەبووە. بەڵام لە گەڵ ئەوەیشدا ئێمە ناتوانین بڵێین بە تەنها مام جەلال یەکێتی دروست کردووە هیچ کەسێک ناتوانێت بە تەنها شۆڕش بکات ئەگەر کۆمەڵێ خەڵکی لە گەڵدا نەبێت. من ئێستا مام جەلال بە مەسئولی یەکەم دەزانم چونکە ئێستا خۆی مەوجودە و سکرتێریشە و ئەیشیتوانی یەکێتی نەکاتە دوو بەرەوە لە رێگەی دانیشتن و دیالۆگەوە.

**مەریوان: تاچەند کادیرەکانی دوای مام جەلال دەستیان لە نانەوەی ئەو جیاوازیە هەیە؟**

عادل شکور: من وا بۆی ئەچم ئێستا زەمەنێکە کۆمەڵێک جیابکەمەوە لە گەڵ شۆڕشی شاخدا ئەو کاتەی پێشمەرگە لە شاخ بووە هیچ تموحێکی نەبووە ئێمە هەموومان ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووین لە گەڵ پێشمەرگەیەکدا جیاوازیمان نەبوو، بەڵام ئێستا کە بووینەتە خاوەن حکومەت و هەندێ لە مەسئولەکان حەزیان لە دەوڵەمەندییە و هەندێ بەرژەوەندی تایبەت لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی لە جیاتی ئەوەی زەمینەکە لە بارکەن کەچی بیرکردنەوەیەکی تریان هەیە، ئەوان ئەگەر ئیشی باش بکرێت رەنگە لە قازانجیان نەبێت!!.

**مەریوان: گەرمیان بە ناوچەی سەوز ناسراوە ئێستا چۆن دەروانێتە یەکێتی؟**

عادل شکور: من وەکو گەرمیانییەک قسە بکەم بەو حوکمەی خۆم گەرمیانیم خەڵکێکی زۆر لە گەرمیان گلەییان هەیە لە یەکێتی گەرمیان شوێنی قوربانیدانە من کاتێ بەرپرسی چالاکیەکانی گەرمیان بووم کاتی خۆی لە لایەکەوە دەستمان لە حکومەت ئەوەشاند لە لایەکی تریشەوە خەریکی حەملە بووین. من کوڕە گەورەکەم کە ناوی ژیلوانە تا تەمەنی بووە نزیکەی چوار مانگیش نەمبینی، ئێمە وەکو گەرمیانیەکان لە هەموو شەرەکانی یەکێتی ڕۆڵی خۆمان هەبوە، باشترین نمونە لەسەر نارەزاییەکانی خەڵکی گەرمیان ئەوەیە، لەم چەند ڕۆژەی رابردوودا ئەو زانکۆیەی کە بریار بوو لە کەلار بکرێتەوە بە تەما بوون بیگوێزنەوە بۆ خانەقین، بەڵام نارەزایی هەندێک لە خوێندکاران وای کرد بریارەکەیان گۆڕی هەرچەندە تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە.

**مەریوان: کێتان داناوە سەرپەرشتی لیستی گۆڕان بکات لە گەرمیان؟**

عادل شکور: حەز ئەکەم ئەوەت پێبڵێم ئێمە وەک لیستی گۆڕان هەر لە پاسەوانی بەر دەرگای گردەکەوە تا دەگاتە کاک نەوشیروان کەسمان پلەو پایەمان دیاری نەکردووە ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە گۆڕانکاری بکەین لە ناو حکومەتدا، بۆیە ئێمە پێشمەرگە ئاسا هەموومان دەست لە ناو دەست تێدەکۆشین تا دەگەینە ئامانج.. ئێمە هەموومان پێکەوە سەردانی جێگای خۆمان دەکەین و پێکەوە دێینەوە کەسمان لە کەسمان بە بەرزتر نازانین.

**مەریوان: چی دەکەن کاتێ موچەتان ببرێت؟**

عادل شکور: حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم خۆم بە بەڵگەوە کە دوێنێ پاسەوانەکانم موچەیان براوە و لە رێگەی برادەرێکەوە پێی وتم منیش وتم ئەی ئێمە چیبکەین وتی وەرن عەریزەیەک تەقدیم کەن و پێیشیان وتوین بە کتابێکی رەسمی ئەو موچانە دەبرین.

**مەریوان: هەست ناکەی دوای دروست بوونی لیستی گۆڕان حکومەت زیاتر خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات؟**

عادل شکور: ئەوە شتێکی دیارە جەماوەریش هەستی پێ دەکات خەڵکی وا هەیە ئەڵێت شەو خەوتووم بەیانی هەستاوم جادەکەی پێش ماڵمان قیرتاو کراوە ئەی ئەمە ئەگەر مەسەلەکە لیستی گۆران نەبێت ئەم هەموو شتانە چیە دەکرێت!! باشە ئەو هەموو پرۆژانەی ساڵی پار وەعدیان دا بیکەن کوا هیچمان نەبینی ئەوەتا ئێستا ئەڵێی مەکتەبێک ئەڵین ئەوە سەت مەکتەب ئەڵێی عەرزێک ئەڵێن ئەوە سەد عەرز دیارە ئێستا بەوەیشەوە نەوەستاون دەستیان کردووە بە دابەشکردنی دەمانچە و ئەو جۆرە شتانە.

**مەریوان: وەک مەکتەبی سیاسی کێ و کێ جیابوونەتەوە؟**

عادل شکور: ئەوەی کە من بیزانم ئێستا لێرە حەوت کەسین حەز دەکەی ناوەکان پێت دەڵێم (مولازم عومەر کە تا ئێستا لە دەرەوەی وڵات بووە - قادری حاجی عەلی - سالار عەزیز - جەلال جەوهەر- عوسمانی حاجی مەحمود- عومەری سەید عەلی) ئەمانە کە بەردەوام تەواجدیان هەیە سەردانی ئێمە دەکەن لە گەڵ کاک نەوشیروان خۆیشی.

**مەریوان: کاک نەوشیروان بە تەما نیە بێتە سەر شاشە و پرۆژەکانی خۆی بڵێت؟**

عادل شکور: بەڵێ ئەوەی من ئاگاداربم بە تەمایە بەم نزیکانە بێتە سەر شاشەو هەموو پرۆژەکانی خۆی دەڵێت و هەموو بەرنامەکانمان دەخەینە روو بەڵام خۆی وتەنی با حەملەی ئیعلامی دەست پێبکات دەچمە سەر شاشە و بە تەمایە سەردانی هەموو ناوچەکانی کوردستانیش بکات کۆڕ کۆبوونەوە لە گەڵ خەڵکیدا دەکات.

**مەریوان : هەست ناکەن یەکێتی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا تەزویرات بکات؟**

عادل شکور: نەک کەم، ئێمە لە ١٠٠ %چاوەروانی ئەوە دەکەین تەزویرات بکەن هەر کردوویانە و ئەیشیکەن ئێستا مەعلوماتێکمان پێگەیشتووە لە ناو فەوجەکان هەندێ بارەگای تریش داوای ئەوەیان کردووە کە ژمارەی فۆرم و ژمارەی ناسنامە بهێنن ئەوانە لێیان وەردەگرن.

**مەریوان: موچەی خۆت چەندێکەو بە چی پلەیەک خانەنشین کرای؟**

عادل شکور: من خانەنشین نەکراوم چونکە پێشمەرگەی ٧٦ م و دەبوو من موچەی وەزیر وەرگرم چونکە ئێستا هەر لە برادەرانی بەغداوە تا دەگاتە موکەرەم تاڵەبانی موچەی وەزیر وەردەگرن. موچەکەم ملیۆنێک و دوو سەد هەزار دینارە پاشان جێگر مەڵبەندی وەردەگرم، بەڵام ئێستا وا بزانم راگیراوە.

---

## تانیا تەڵعەت ئەندامی ئەنجومەنی نیشمانی عێراق:

# بەعسییەکان دەیانەوێت خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست، بۆیە هەوڵی لابردنی وشیار زێباری دەدەن

**هیشام عەبدولکەریم**

**لە سەر داوای پەرلەمانی عێراق بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە گەڵیان سەبارەت بەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵیان هەردوو وەزیری عێراقی وشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق و حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێن.**

تانیا تەڵعەت ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق باس لەوە دەکات بە مەبەستی هەندێ تۆمەت کە خراونەتە پاڵ ئەو دوو وەزیر لە پەرلەمانی عێراقەوە بانگێشتکراون بە نیازی ئەوەی لە پۆستەکانیان لاببرێن . بە بروای ئەم ئەندام پەرلەمانە مەبەستێکی سیاسی لە پشتەوەیە وەکو خۆی وتی:" ئەمەش بۆ خۆی هۆکارێکی تاک رەوی و سیاسی لە پشتەوەیە لەلایەن ئەو بەعسیانەوە کە تاکو ئێستا لە وەزارەتەکان ماون ".

تانیا باس لەوەش دەکات و دەڵێت:"ئەو تۆمەتەی کە خراوەتە پاڵی وشیار زێباری کە گوایە نادی (لیالی حمرای) هەیە لە دەرەوەی ولات هەموو ئەو سکالانەی کە لە کاک وشیار کرابوو خۆشبەختانە وشیار دادگاییەکەی بردەوە و هەمووی بە درۆخستەوە .ئەوەی وەزیری نەوتی عێراقیش لەسەر داهاتی نەوت و کەم تەرخەمی ئیش و کارەکانیان لە وەزارەتی نەوت . ئەوەش بەدرۆ ئەخەمەوە کە وەزیری بازرگانی عێراق فەلاح سودانی کە کورد فشاری خستبێتە سەر پەرلەمان و بیهێنن بۆ لێکۆلینەوە و دواجار دادگاییکردنی"ئەوەش ئاشکرا دەکات سەبارەت بەو وێنەی لە رۆژنامەکاندا کە بڵاووەتەوە کە وشیار زێباری لە گەڵ کچێکدا سەما دەکات ئەوە دەڵێت:" .ئەوەش ئەڵێم کە ئەو وێنەیە لە رۆژنامەکان دابەزیوە لەگەڵ سەماکەرەکان ئەوە ئەو نییە بەڵکو مێردی کچەکەیەتی . بانگهێشکردنی وەزیری دەرەوەی عیاق وشیار زێباری لەسەر داواکاری سامی عەسکەری بووە"

ئەو ئەندام پەرلەمانە باس لەوەش ئەکات کە تاکو ئێستا بەعسیەکان لەوەزارەتی دەرەوەی عێراق کاردەکەن دەیانەوێ خۆیان وەزارەت بگرن بەدەست .بۆیە هەوڵی لابردنی وشیار زێباری دەدەن بڕوایشی وایە کە هەتاکو ئێستاش ئەوانەی ناویان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە ، لەگەڵیان ئەمانەن (وەزیری دەرەوە ،وەزیری نەوت، وەزیری کارەبا، وەزیری شارەوانی ) ئەم پێنج وەزیرەن دەڵێتیش:". لەسەر وەزیری دەرەوەی عێراق من وەکو خۆم باوەڕ ناکەم کە ئەو پیاوە هیچ هەڵەیەک بکات چونکە هەموومان وشیار دەناسین پیاوێکی زۆر گران و بە قورسە و خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزە .ئەوانیش بەڵگەکانیان بەهێز نییە بۆیە وشیار هەموو دانیشتنی دادگاییەکانی بردۆتەوە" .ئەو لە درێژەی قسەکانیدا لەسەر وەزیری دەرەوەی عێراق باس لەوەدەکات کە زۆر سەرکەوتوو بوووە لە کارەکانیدا توانیویێتی دەنگی عێراق بە دەرەوە بگەیەنێت . بەتایبەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ولاتانی هەرێم و ئەوروپاو ئەمریکاش زۆر بەهێز کردووە.

لە کۆتایی قسەکانیشدا باس لەوە دەکات کە ئەم جۆرە بانگهێشتکردنە هیچ زیانێکی نیە بۆ کوتلەی کوردستانی، لەپەرلەمانیش ئەوەش ئەڵێم کەوەزیر لەکاتەدا ناتوانێ (حصانەی) دبلۆماسی بەکاربهێنێ چونکە ئەمە پێی ئە ڵێن بردنی شتی گشتی واتا (هدر مال العام) .

ئەو ئەندام پەرلەمانە ئەویشی پشت راستکردەوە کە وەزیری بازرگانی فەلاح سودانی لە سەماوە دادگایی دەکەن چونکە هەموو ئەو خوراکە بەسەراچووەکان لەشاری سەماوە بە خەڵکیان بۆیە بەکۆی دەنگی پەرلەمان بریار درا کە لە شاری سەماوە دادگایی بکرێت.



تانیا تەڵعەت گلی